ئاسایشی هەولێر کەسێک بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆیی نەشیاو دەستگیردەکات

ئەمە یەکشەممە، ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی کەسێکی بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و بڵاوکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی نەشیاو و دور لە دابونەریت راگەیاند.

بەرپرسی ئاسایشی هەولێر لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، بەفەرمانی دادوەری لیکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر تۆمەتبار کەیفی سابیر حەمەد ناسراو بە کەیفی زراریمان دەستگیر کرد".

سەبارەت بە تۆمەتەکانیشی، ئاسایشی هەولێر رونیکردەتەوە، "دەستگیرکردنی کەیف زراری بە تۆمەتی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل و بڵاکردنەوەی گرتەی ڤیدیۆیی نەشیاو و دور لە دابونەریتی کۆمەڵگە بوە، داواش دەکەین هەرکەسێك سکاڵای یاسای لەسەری هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات".